الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# خواستی پێك هێنانی بەرەیەکی هاوبەش لەئاستی ئەوروپا بۆ بەرگری لەمافەکانی پەنابەران پێشوازی لیَ دەکرێت

## کۆنفرانسی (پەیمانگای پەیوەندی نەژادەکان )لە لەندەن

رۆژی شەمە 16-9 کۆنفرانسی پەیمانگای پەیوەندی نەژادەکان لەژێر ناونیشانی (راسیزم ،رزگاری ،شەر لەدژی تیرۆر) بەبەشداری دەیان رێکخراو نیهادی پەنابەری و ئینسانی لە لەندەن بەسترا.

لەم کۆنفرانسەدا ژمارەیەکی زۆر لەهەڵسوراوانی کەمپینە جۆراوجۆرەکان لە وولاتانی کۆنگۆ ،زیمبابویَ و عیراق کە لەمەیدانی بەرگری لەمافەکانی پەنابەران وماف نیشتەجیَ بوون، دژ بەراسیزم وداواکاری دەستبەجێی داخستنی گرتووخانەن بانگهێشت کرابوون، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەکادیمیست ونووسەر پسپۆر لەمەیدانی پەنابەرانیدا بەشدار ی ئەم کۆنفرانسە بوون.

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بانگهێشت کرابوو بۆ ئەم کۆنفرانسە ، وەفدێکی فیدراسیۆن کە پێك هاتبوو لە (دەشتی جەمال،جاسم غفور) بەشداریان کرد ،(دەشتی جەمال) لەبەشی تایبەت بەسیاسەتی گێرانەوەی بەزۆری پەنابەران قسەو باسێکی پێشکەش کرد لەبارەی بارودۆخی ئێستای عیراق و کوردستان ونائەمنی وداگیرکاری و سەرکوت و شەری تایفی و مەزهەبی و ئەو هۆکارانەی کە خەڵکی عیراق و کوردستانی ناچار بە ئاوارە بوون کردوە ،هەروەها لەپەیوەندی بە وەزعیتی ئێستای پەنابەران لەبریتانیا و ئیدانەی سیاسەتی گێرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد و پشتیوانی لەخواستەکانی پەنابەرانی کوردی خستە روو.

بەدوای تەواوکردنی قسەو باسەکان ماوە درا بە بەشداری ئامادە بووان . لەم نیوەدا فیدراسیۆن تەرحی( پێك هینانی بەرەیەکی هاوبەشی لە ئاستی ئەورپادا دژ بە گێرانەوەی بەزۆری پەنابەران و مافەجیهاندانگرە ئینسانی یەکان ) و توند و تۆل کردنی پەیوەندی نیوان رێکخراو و نیهادە پەنابەری و ئینسانی یەکان باس لێکرد ، ئەم پێشنیارە لەلایەن تەواوی ئامادابوانەوە پێشوازی لێکرا .

بەشدار بوانی ئەم کۆنفرانسە فۆرمی بەرگری لەخواستەکانی پەنابەرانی کورد و عیراقییان ئیمزا کرد کە پێك هاتبوو لە:

1- فشار بهینن بۆ حکومەتی بەریتانیا تا سیاسەتی دیپورت کردنی پەنابەرانی کورد و عیراقی رابگری و ماف ئەوەیان پیَ بدات تا دیفاع لەخۆیان وەکەیسەکانیان بکەن.
2- دانی ماف پەنابەری بە پەنابەرانی کورد وعیراقی بەعنوانی قوربانیانی شەرو نائەمنی لەعیراقدا.
3- داوا بکەن کەهەرجۆرە هێرشیك بۆسەر ژیانی پەنابەران ، لێسەندنەوەی خزمەت گوزاریەکان (خانووبەرە وەحقوقی سوسیال وەمافی کارکردن ) رابگری.
4- ئازادی کردنی ئەو پەنابەرە کوردانەی لەگرتووخانەکاندا گیراون.

PO.BOX1575 ,ILFORD,IG1 3BZ, LONDON.UK , Tel:0044:07856032991
d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk
Tel:/ 07877489626 Tel:/ 07866757213 Office Tell/ 0161 234 2784 ,www.csdiraq.com